# كۆبونەوەی گشتی كۆمیتەی ڕیفراندۆم لە هۆڵەندە

ڕۆژی شەممە بەرواری 4-9-2004 كاتژمێر 3 ی پاش نیوەڕۆ لە شاری دێلفتی هۆڵەندە بە بەشداری جەماوەرێكی زۆر و نوێنەری هەر یەكە لە ( ی ن ك ) و (پ د ك )و حشك و كۆمەڵەی زەحمەتكێشانی كوردستان-ئێران كۆمیتەی هۆڵەندەی ڕیفراندۆم كۆبونەوەی گشتی ساڵانەی خۆی ئەنجام دا . لە سەرەتادا بەڕێز سیروان مەحمود بەرپرسی كۆمیتە ڕاپۆرتی چالاكی ساڵی ڕابردوی خوێندەوە , تیایدا ئاماژەی بە كۆمەڵێك چالاكی دا لە ماوەی ئەم ساڵە لە هۆڵەندە ئەنجامیان داوە , بەشێك لەوانەبریتی بوون لە -:

-كۆكردنەوەی زیاتر لە 4000 ئیمزا.

-ڕێكخستنی 2 خۆپیشاندان بۆ پشتگیری لە پرۆسەی ڕیفراندۆم .

-چەندین كۆڕو سمینار لە شارەكانی هۆڵەندە.

-پەیوەندی كردن بە كۆشكی پاشایەتییەوە بە ناردنی یاداشتنامەیەك لە ڕێگەی وزارەتی دەرەوەی هۆڵەندەوە .

-یاداشتنامەیەك ئاراستەی پەرلەمانی هۆڵەندە كرا سەبارەت داواكاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە كوردستان , كە لە 9-3-2004 كۆبونەوەی تایبەتی پەرلەمانی هۆڵەندی بەسترا سەبارەت بە كێشەكانی عێراق-ئەفغانستان-لیبریا-جۆرجیا.

-دوو یاداشتامە بە پاڵپشتی بەڵگەی مێژویی و یاسایی بۆ یو ئێن .

-لە كۆنگرەی ساڵانەی پارتی كاری هۆڵەندی یاداشتنامەیەك پێشكەش كراوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

–بەیاننامەیەك پێشکەشکرا لە کۆنفرانسی ئەنفال کە ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد–چاك لە هۆڵەندە ڕێکی خستبوو ,یاداشتنامەکە ئاراستەی نوسەرانی پێشکەوتنخواز و دیوکراسیخوازی عەرەب کرا , تیایدا داوایان لێکرا پاڵپشتی لە پرۆسەی ڕیفراندۆم بکرێت لە کوردستان .

ئەمەو پاش گفت و گۆیەکی ئازاد دەستەی سەرپەرشتیاری نوێ لە کەش و هەوایەکی ئازادا هەڵبژێردرا لەم بەڕێزانە:–

سیروان مەحمود ,ڕێبوار ڕەئوف,شەماڵی عەبە ڕەش,حوسێن سالح,شادان فوئاد,هیوا گەردی,شەوکەت دۆسکی, ئیسماعیل عبدوالسلام,حسێن پشدەری, پەخشان ئەحمەد,سەمیرەحەسەن ,شارا ئەمین .

نوێنەرانیش بەڕێزان سیروان مەحمود وەك بەرپرس و ڕێبوار ڕەئوفییان وەك کارگێڕی کۆمیتە هەڵبژارد .






PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com